# گوڵدان

عومەر کەریم بەرزنجی

لەوەتەی هەم
کاسەی سەرم دەکرێت بەگوڵدان
بەخوێنی خۆم ئاودەدرێت
هەتا تێیدا شکۆفەکات
گوڵی خەونی ئێوەی سندان
سەروەری جەستەی لەت لەت بووم
بەپۆستاڵی قینی ئێوە
پێشێل دەکرێت
دەفتەری خەونی ژیانم
بەباهۆزی
نەفرەتی لە مێژینەتان
پەڕە پەڕە دەکرێ و دەدڕێ
سەرم بۆتە کوانووی گڕوو
چوار وێنەی تێدا دەسوتێ
دڵم ساباتی شەمێکە
بڵێی ئەرخەوانی خەونی
لەمێژینەی ئەو فەرهادە
هەڵنەوەرێ.

لە ژمارە"30"ی رۆژی 2001/3/3ی هەفتەنامەی "رۆژی گەل"دا بلاۆکراوەتەوە.